# نەبوونی (چاودێری تەندروستی) فاکتەرێکە بۆ هەژاریی بوونی هاووڵاتییان

یەکێك لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هەژاری لەوڵاتی ئێمەدا، نەبوونی چاودێریی و بیمەی تەندروستی و نزمی ئاستی خزمەتگوزاری ئەم کەرتەیە، خەڵك هەژار نییە کەتووشی نەخۆشی دەبێت هەژار دەبێت، لەبیست ساڵدا چی پارە کۆدەکەیتەوەو پاشەکەوتی دەکەی لەیەك نەخۆشیدا خەرجی دەکرێت و چارەسەریش مسۆگەر نییە، ئیتر چۆن ئەو چینەی کەبەبزوێنەری پەرەپێدانی ئابووری دادەنرێت لەم هەرێمەدا دروست دەبێت؟ لەکاتێکدا دەکرێت لەڕێگای چینی ناوەندەوە سیستەمەکانی خوێندن و رۆشنبیری و تەندروستی و ئابووری . بەرەوپێشەوە ببرێت، کەچی ئەو چینە خۆی بووەتە قوربانی دەستی ئەوکەسانەی بازرگانی بەجەستەو رۆحی مرۆڤەوە دەکەن و، لەپێناو پڕکردنی گیرفاندا گەمە بەسیستەمێکی کۆنی تەندروستییەوە دەکەن( بۆیە پێی دەڵێین سیستەمێکی کۆن، چونکە درێژەپێدەری هەمان سیستەمی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردووە، لەم سیستەمەدا هیچ هاووڵاتییەك خاوەنی بیمەو چاودێری تەندروستی نییە). بارودۆخی تەندروستی گشتی لەکوردستان لەئاستێکی نزمدایە، سیستەمی کەرتی تایبەتی تەندروستیش هاندەرە بۆ دەوڵەمەندی تاقمێك لەسەر حسابی زۆرینەی هاووڵاتییانی هەژارو کەم دەرامەت، بێ ئەوەی ئەم تاقمە گوێبدەنە ئەوەی گەر بازرگانی بەنەخۆشێکەوە بکەن شەرەفی پیشەکەیان لەدەست دەدەن، لەم کەرتە تایبەتەی تەندروستی ئەوەی پارەی هەبێت چارەسەر دەکرێت و ئەوەی پارەی نەبێت دەمرێت. بگرە جیاوازی لەنێوان وەبەرهێنان لەسەر مرۆڤ و وەبەرهێنان بۆ خزمەتی مرۆڤ نەکراوە، هەروەکو چۆن توێژینەوەی زانستی لەسەر مرۆڤ ناکرێت بەڵکو سەرەتا لەسەر مشکی سپی دەکرێت، دکتۆرێك بیەوێت پلەیەکی زانستی بەرز بەدەست بهێنێت ماوەیەك توێژینەوەو تاقیکردنەوە پزیشکییەکانی لەسەر مشکی سپی دەکات و واز لەمرۆڤ دەهێنێت،چونکە مرۆڤ ئەوەندە بەرزە تاقیکردنەوەی لەسەر ناکرێت. رۆژانە گوێبستی ئەوە دەبین بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و گرانی تێچوونەکانی بواری تەندروستی دەیان هاووڵاتی خانووەکانی خۆیان فرۆشتووەو رێگای پایتەختەکانی وڵاتانی دەوروبەر یاخود ئەوروپایان گرتۆتەبەر، لەهەموو کوردستان یەك نەخۆشخانەی تێدا نییە لەئاست نەخۆشخانەیەکی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بێت کەبیست ساڵە لەسیستەمی سۆسیالستی رزگاریان بووە !

هەموو ئەو هەوڵانەشی دەدرێت لەکردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت و کارگەی دەرمان و هێنانی پزیشکی بیانی پێش ئەوەی بچێتە خزمەتی نەخۆشەوە، زۆربەی دەچێتە بواری گیرفان پڕکردنەوەی تاقمێکەوە، قەناعەت لای تاکە کەسێکیش دروست ناکات، کەلە چەند ساڵی رابردوودا

ئەو بازرگانییەی ئێستاکە بەناوی کەرتی تایبەت لەبواری تەندروستی بەهاووڵاتییانەوە دەکرێت کێ لێی بەرپرسیارە؟





وەبەرهێنان لەسەر مرۆڤ ناكرێت بەڵكو لە خزمەتی مرۆڤدایە

**چینی ناوەند بووە قوربانی ئەوكەسانەی بازرگانی بەمرۆڤەوە دەكەن و بێ ویژدانانە گەمە بەسیستەمی كۆنی تەندروستی هەرێمەكەوە دەكەن**



دەستكەوتی گەورە لە كەرتی تەندروستیدا بەدەست هاتبێت، ئەوهەوڵ و دەستكەوتە كەمەی كەبەدەست دێت لەئاست گەشەو زۆربوونی دانیشتووان و زیادبوونی نەخۆشییە گەورەو مەترسیدارەكاندا نییە، ئەوەتا لەدوا ئامار تەنیا لەپارێزگای هەولێر ٦٠ هەزار منداڵی كەمئەندام هەیە، كە پێداویستی تەندروستییان دوو هێندەی منداڵێكی ئاساییەو نەخۆشی ژێربەنجەش لەهەڵكشانێكی بەردەوامدایە، پشێوی و بێسەروبەری بازاڕو پیسبوونی ژینگەو كەوتنەوەی تووندوتیژی و كاری تیرۆریستی لەناوچە چێ ناكۆكەكان ئەوەندەی تر بارودۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات و خەرجییەكانی سەرشانی حكومەت لەبواری تەندروستی زیاتر دەكات.

زۆر لەچاودێرانی بواری تەندروستی پێیان وایە شكستەكانی بواری تەندروستی تەنیا ناكەوێتە سەرشانی كەرتی تەندروستی و وەزارەتەكەیەوە بەڵكو لە نەبوونی پلان و ئاوەدانەكردنەوەی ژێرخانی كەرتەكەوە دەستی پێكردووە تاوەكو لاوازی وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندارەكانی تر، ئەوەتا (نۆ) ساڵە نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی لە سلێمانی تەواو نەبووە، ئەمە لەكاتێكدا لەساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لەدوو ملیۆن ٣٠٠ هەزار نەخۆش لەم شارە سەردانی نەخۆشخانەو بنكە تەندروستییەكانیان كردووە، لەشارێكدا كە ٥٠ هەزار كەمئەندامی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەنەخۆشكەوتنی هاوڵاتییان رووی لەزیادبوونەو پێویستیمان بەنەخۆشخانەو بنكەی تەندروستی نوێ هەیە، لەلایەكی ترەوە تاكو ئێستا نەخۆشخانەیەكی تایبەتمەند بەنەخۆشی ژێربەنجە لەپایتەختی كوردستان نییە، وەزارەتی تەندروستی و بازرگانی و پیشەسازیش نەیتوانیوە كۆنترۆڵی سنوورەكان بكات و رێگا لەنەهاتنە ناوەوەی بەلێشاوی ئەو هەموو دەرمان و كەلوپەل و ئامێری ئێكسپایەرو خراپە پزیشكییە بگرێت كە دوورن لەكوالیتی كۆنترۆڵەوە، وەزارەتی رۆشنبیریش لەرێگای كەناڵەكانی راگەیاندنەوە هاوكار نەبووە بۆ بەرێوەبردنی هەڵمەتی هۆشیاری و رۆشنبیری تەندروستی، بیزنسمان و سەرمایەداری كوردیش بەپەنجەكانی دەست دەژمێردرێن كەلەمبوارەدا كاری خێرخوازییان كردبێت.

دەبووایە كەرتی تەندروستی و دارشتنەوەی سیستەمێكی نوێ و چاكسازی بوارێكی وا هەستیار بۆ هەڵمەتی بانگەشەكردنی هەڵبژاردنەكان لەپێشەوەی دروشم و بەرنامەكانەوە بێت، چونكە بۆ هەرتاكێك لەكوردستان فریاكەوتنی كەرتی تەندروستی گرنگییەكی تایبەتی خۆی هەیەو، لەمەسەلە نەتەوەیی و چارەنووسسازەكان كەمتر نییە، هێزو ویستی لەبنا نەهاتووی نەتەوە گەورەكانی جیهان لەتەندروستی جەستەو هزرو گیانی تاكەكانییەوە سەرچاوە دەگرێت، بگرە تەندروستی ئابووری تێكەڵ بەیەكتر بوون و كاریگەرییان بەسەر یەكترەوە هەیە. شوێنەواری بواری تەندروستی لەسەر بودجەو سیاسەتی ئابووری چارەنووسی بواری بژێوی ژیان و داهاتی تاكەكەسی و داهاتی نەتەوە دیارو لەبەرچاوە، ئەوەتا باراك ئۆبامای سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لەبانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی وڵاتەكەی چاكسازی و پێشخستنی كەرتی تەندروستی لەپێشەوەی ئامانج و بەرنامەی داهاتووی وڵاتەكەی دانابوو، ئێستا نەك تەنیا كەرتی تەندروستی هاوڵاتییانی وڵاتەكەی لامەبەستە و داوای ٢,٢ تریلیۆن دۆلار دەكات بۆ پێشخستنی تەندروستی هاوڵاتییانی وڵاتەكەی، بەڵكو تەندروستی نەتەوەكانی دیكەشی لاگرنگەو پلانێكی درێژخایەنی بۆ بەفریاكەوتنی دەیان نەخۆشی دارشتووەتەوە، لەم پێناوەدا بەملیۆنەها دۆلاری بۆ تەرخانكردوون.

## قبووڵمانە تەندروستی بەشێك بێت لەكەرتی تایبەت بەڵام لەژێر سەرپەرشتی حكومەتدا بێت

لەسیستەمی نوێی جیهانیشدا سێ بوار هەیە لەئەركە هەنووكەییەكانی حكومەتە كەبایەخیان پێ بدات و لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو كارەكانیدا بێت، ئەویش

(١- تەندروستی ٢- هەڵی كار ٣- پەروەردەو خوێندن)ە، ئەم سێ بوارە ئاساییە بدرێتە كەرتی تایبەت، بەمەرجێ لەژێر چاودێری و كۆنترۆڵ و ئاراستەكردنی حكومەتدا بێت و دووچاری پشێویی و بێسەروبەری نەبێت، هەروەكو چۆن لەبواری فێركردندا هەندێك لەزانكۆ ئەهلییەكان دووچاربوویین. لەقەیرانە داراییەكەی جیهاندا حكومەت و كۆمپانیاكانی ئەوروپاو وڵاتانی پێشكەوتووی دیكە دووچاری كورتهێنانی بودجە بوون و زۆربەی كەرتەكانی بازرگانی

و ئابووری رووبەڕووی ئیفلاسبوون بوونەوە، کەچی کەرتی تەندروستی و کەرتی پەروەردەو کار رووبەرووی تەحەددای گەورە نەبوونەوە، لەقەیرانی تەشەنەکردنی پەتای شێتی مانگا نەمان بیست یەك نەخۆشخانەی تایبەتی ئیفلاس بکات یاخود داخرێت، چینییەکان لەبەردەم گەورەترین قەیرانی دارایی کەرووبەروویان بۆوە، ڕێگایان نەدا سیستەمی چاودێری تەندروستی وڵاتەکەیان شکست بهێنێت و، چاکسازی و گۆڕان لەم سیستەمەدا بەگەورەترین تەحەددای بەردەم ئایندەی ئابووری وڵاتەکەیان دانا.

راستە لەبودجەی ئەمساڵدا گرنگی بەکشتوکاڵ و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی وەکو تەندروستی و پەروەردە دەدرێت و ٣٠٪ ی بودجەکەش بۆ وەبەرهێنان تەرخانکراوە، بەڵام ئەو پارەیەی بۆ کەرتی تەندروستی دانراوە بەشی جێبەجێکردنی یەك لەسەر دەی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی ناکات، بۆچی بیر لەجێبەجێکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی ناکرێتەوە کاتێك تەنیا لەکەرتی گشتی خاوەنی ١٠٥٠٠٠٠ ملیۆن و پەنجاهەزار مووچەخۆرین و٥٪ی مووچەکانیان بۆ چاودێری تەندروستی بچێت و بەتێکڕا مووچەی بنەڕەتی بە٢٠٠ هەزار دینار دانرێت ئەو کات دەگاتە ١٠٥٠٠٠٠×١٠٠٠٠= ١٠٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار مانگانە واتە هاوڵاتی چی تر ناچار نابێت پارەیەکی زۆر لە پاشەکەوتێکی نائابوورییانە بۆ رۆژی رەش هەڵگرێت، لەکاتێکدا دەکرێت ئەو پارەیە بۆ جموجوڵی بازاڕو پەرەپێدانی وەبەرهێنان سوودی لێوەربگیرێت.

## ئەوەی پارەی هەبێت چارەسەر دەکرێت و ئەوەی پارەی نەبێت دەمرێت..

هەموو رەخنەو گلەیی هاوڵاتییان و دەرخستنی نزمی ئاستی پزیشکی و کەمی نەخۆشخانە پسپۆڕایەتییەکان و گرانی چارەسەرکردنی نەخۆشی و نەشتەرگەرییەکان و بێسەروبەری لەم کەرتەدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەوەی پارەی هەبێت چارەسەر دەکرێت و ئەوەی پارەی نەبێت دەمرێت. گەر بێتوو کوردستان بەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوروبەریشمان بەراورد بکرێت، ئەوا نزمی ئاستی کەرتی تەندروستیمان بۆ دەردەکەوێت کەلەئاستی پێداویستی و خواستەکانی خەڵکیدا نییە، ئەمەش وایکردووە نوسینگەکانی سەفەرکردن لەهەرێمدا جمەی بێت لەو کەسانەی لەگەڵ نەخۆشەکانیان دەچنە دەرەوەی وڵات، تەنانەت بەرپرسانی باڵای حکومەت و سەرانی ئۆپۆزسیۆن و سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە زۆربەیان بۆ چارەسەرکردن و منداڵبوونی خێزانەکانیشیان روو لەوڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپاو ئەمەریکا دەکەن، چونکە هەستیان بەخراپی بارودۆخی تەندروستی کردووەو داوا دەکەن:(( سیستەمی تەندروستی پێویستە بگۆڕدرێت و چاکسازی بنەڕەتی تێدا بکرێت ..))، ئەم لێدوانە لەو تێڕوانینەوە هاتووە تەندروستی پەیوەندی راستەوخۆی بەحکومەتەوە هەیە،بۆیە لەوڵاتێکدا چاودێری تەندروستی نەبێت حکومەت ئیشی چی یە ئایا بەهەموو ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکی تەندروستییان بۆ حکومەت بەرزکردۆتەوە؟ مەبەست لەچاکسازی لەسیستەمی تەندروستی هەرێمدا هەموو دامەزراوەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنە، لە ناویاندا بنکەو ناوەندە پزیشکییەکان و تاقیگاو نەخۆشخانەو هەموو ئەو ناوەندە پزیشکییانەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ پەیوەندییان بەباری تەندروستی هاوڵاتییانەوە هەیە، پێویستە دامودەزگاو تاقیگەو ناوەندە پزیشکییەکان بەرەو دامەزراوەیی بڕۆن، بۆنموونە لەسەر دەرمانەکان ئاڕمی کۆمپانیاو کۆگاکانی دەرمانی لەسەر بێت و نرخەکان دیاری کرابن و ئامێری پزیشکیش بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی کۆنترۆڵ و پێوانەیی جۆرییەوە و ڕێگا نەدرێت دکتۆرێك لەهەندەران بێتەوە تەنیا بەمەبەستی گیرفان پڕکردن بەڵکو سیستەمی کارو رێوشوێنی بۆ دانرێت ناکرێت لەبەر تاقمێکی کەمینە ناوی هەموو پزیشکەکان بزڕێندرێت و زۆرینەی هاوڵاتییانیش زیانمەند بن و لەحکومەت و دەسەڵات بێزار بکرێن.

## کەرتی تەندروستی لەم هەرێمەدا بەچ بەرنامەو پلانێک بەڕێوەدەچێت ؟

بارودۆخی چەند ساڵی رابردوو لەشەڕو گەمارۆو تێکچوونی ژینگەو نەبوونی سیولەی نەختینەیی و دابەزینی ئاستی توانا مرۆیی و مادییەکان، کەهاوکات بوو لەگەڵ خراپ بوونی باری دەروونی و بژێوی هاوڵاتییان، کارەسات و پاڵەپەستۆیەکی رادەبەدەری بۆ کەرتی تەندروستی و وەزارەتەکەی هێنا، بەرادەیەك ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە لەتوانای کەرتێکی گشتی تەندروستی نەبوو کەخۆی لەخۆیدا خاوەنی ژێرخانێکی بەهێزو پتەو نەبوو، ئەمەش وای لەهاوڵاتییان کرد بەلێشاو رووبکەنە نەخۆشخانەو ناوەندە تەندروستییەکانی تەهران و عەمان و دیمەشق و ئەنقەرە، بەمەش ملیۆنەها دۆلار ئاودیوی دەرەوەی سنوورەکان کراو چووە گیرفانی ئەو وڵاتانەی دەستیان لەوێرانکردنی کوردستان هەبوو. بۆ خۆڕزگارکردن لەم بارودۆخە خراپەی تەندروستی، حکومەت رووی لەدابینکردنی هەلی وەبەرهێنان کرد لەبواری تەندروستی و کردنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و جۆرە ئازادییەکی بەخشییە ئەو نەخۆشخانانە و عیادەکانی ئەوەتا لە١٠هەزار دینارەوە تاکو ٢٥ هەزار دینار و بگرە زۆر زیاتریش لەهەندێ نەخۆشخانەی تایبەتی بیانی نرخی پشکنینی نەخۆش هەیە و دەرمانیش لەیەکجۆر دەیان نرخی هەیە، بۆیە ئەم ئازادییە رەهایە بارودۆخەکەی خراپتر کردوو بەشی هەرە زۆری ئەم دەستکەوتە تەندروستییە بووە بازرگانیکردن بەسەر جەستەی خەڵك و ئەوەی پارەی نەبێت دەمرێت و چارەسەر ناکرێت، تەنانەت ئەم بارودۆخە وای لەزۆر دکتۆری پسپۆڕ کرد ئامادەنەبن لەنەخۆشخانەی حکومی نەشتەرگەری ئەنجام بدەن و ووردە ووردە گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراتییەت تەشەنەی کردوو بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. لەهەرێمێکدا ئاستی هەژاری بەرز بێت و پاشکەوتەی ئابووری وڵاتێك بین کەنزیکەی ١٠ ملیۆن هاوڵاتی تێیدا بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنێت و هەڵاوسانی نرخەکان بینەقاقای هاوڵاتییانی کردبێت و بێکاری بە رێژەی ١٨٪بێت و لەناو ئافرەتاندا ئەم رێژەیە بۆ زیاترلە ٧٥٪ی بەرزبێتەوە، مانای چی نەشتەرگەری نرخی بچێتە ٢٠٠٠٠ هەزار دۆلار، یاخود دەرمانی ئێکسپایەرو خراپ بدرێتە هاوڵاتییان، ئایا دەرمانی ئێکسپایەرو ئەو هەموو ئامێرە پزیشکییە خراپە جۆرێك نییە لەجینۆسایت ؟ هاوڵاتی مافی خۆیەتی بپرسێت **کەرتی تەندروستی لەم هەرێمەدا بەچی بەرنامەو پلانێك بەڕێوە دەچێت و پلانی ستراتیژی پێشخستنی کەرتەکە چییە؟ کێ بەرپرسیارە لەو بازرگانییەی ئێستاکە بەناوی کەرتی تایبەت لەبواری تەندروستی بەجەستەو رۆحی مرۆڤەوە دەکرێت؟**

پەرەپێدان و زیادکردنی بنکە تەندروستییەکان بەپێی زیادبوونی دانیشتوان و پێداویستییەکانی هاوڵاتییانە؟ لەهەرێمێکدا ژمارەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت گەیشتبێتە ٩٥٠٠ کۆمپانیاو پتر لە ٥٠ سۆپەرمارکێت کرابێتەوە کەچی ژمارەی نەخۆشخانەکانی حکومی و کەرتی تایبەت هێشتا بەپێی پێویست نییە، بەمشێوەیە کەمی توانای مرۆیی و لاوازی فێرکردن و کەمی خولەکانی راهێنان و پەرەپێدان و نادادپەروەری لەدابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و خراپی ئاوو ئاوەڕۆو پیسبوونی ژینگە هەمووی ئاوڕدانەوەی دڵسۆزانەی دەوێت.

لەلایەکی ترەوە بارودۆخی عیادەکانی کوردستان جێی گلەیی هاوڵاتییانە، تەنانەت گەر بێتوو کەمێك لەرووی ئامێری پزیشکی و پاکوخاوێنی و کەلوپەل و فێنکی و گەرمییەوە گرنگی بەعیادەکە درابێت، ئەوا نرخەکانیان فڕاندووەو نەك هاوڵاتیی کەم دەرامەت و هەژار لەتوانایدا نییە خەرجی و تێچوونەکانی کاکی پزیشك بدات، بەڵکو نرخەکان لەتوانای چینی مامنەوەندیشدا نییە، تۆ سەیر بکە نرخی دانانی ددانێکی دەستکرد چۆتە ٤٠٠ دۆلارو ئەشیعەیەکی رەنین بە٢٧٠ هەزار دینار لەکاتێکدا زۆرینەی مووچەخۆرانی حکومەت مووچەیان

**سیستەمی کەرتی تایبەتی تەندروستی هاندەرە بۆ دەوڵەمەندی تاقمێک لەسەر حسابی زۆرینەی هاوڵاتییانی هەژارو کەم دەرامەت، بێ ئەوەی ئەم تاقمە گوێبدەنە ئەوەی گەر بازرگانی بەنەخۆشێکەوە بکەن شەرەفی پیشەکەیان لەدەست دەدەن**

**کاتی ئه‌وه هاتووه حکومه‌ت له‌ڕێگای وه‌زاره‌تی ته‌ندروستییه‌وه به‌هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ی وه‌به‌رهێنان و لایه‌نه په‌یوه‌نداره‌کانی تر، پرۆژه‌ی وه‌به‌رهێنان له‌بواری ته‌ندروستی مه‌رج و چاودێری زیاتری له‌سه‌ر دابنێت**

**له که‌رتی تایبه‌تی ته‌ندروستی جیاوازی له‌نێوان وه‌به‌رهێنان له‌سه‌ر مرۆڤ و وه‌به‌رهێنان بۆ خزمه‌تی مرۆڤ نه‌کراوه**

له‌خواروو ئه‌و بڕه پاره‌یه‌و ژماره‌یه‌کی زۆریش بێکاره‌و نیوه‌ی زیاتریش ئافره‌تانی ماڵ بێکارو بێ مووچه‌و داهاتن، کاتێك نرخه‌کانی پزیشك به‌راورد به‌نرخه‌کانی ئه‌وروپا و وڵاتانی پێشکه‌وتوو ده‌کرێت پێویسته ئه‌و راستییه‌ش بووترێت له‌وێ داهاتی تاکه‌که‌سی زۆر زیاتره‌و که‌س نییه بێ مووچه بێت و، ئه‌وه‌ی بێکاریش بێت سۆسیالی هه‌یه، ئه‌مه جگه‌له‌وه‌ی له‌و وڵاتانه سیسته‌می چاودێری ته‌ندروستی یاخود بیمه‌ی ته‌ندروستی هه‌یه.

من تێناکه‌م له‌به‌راوردکردنی نرخی چاره‌سه‌ری نێو عیاده‌و نه‌خۆشخانه ئه‌هلییه‌کانی کوردستان به‌نرخه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات له‌وێ سیسته‌می چاودێری ته‌ندروستی و بیمه‌ی ژیان و ته‌ندروستی هه‌یه‌و داهاتی تاکه‌که‌سی ده ئه‌وه‌نده‌ی ئێره‌یه، ئه‌مه‌جگه له‌جۆری ئامێرو ته‌کنه‌لۆژیای پزیشکی وشێوازی پشکنینه پزیشکییه‌کانیان، له‌م نه‌بوونی سیسته‌مه پێویسته هه‌موو هاوڵاتییه‌کی کوردستان بترسێت و چی پاشه‌که‌وت ده‌کات بۆ ئه‌و رۆژه ره‌شه‌ی هه‌ڵگرێت که‌نه‌خۆش ده‌که‌وێت و، ره‌نگه تووشی نه‌خۆشییه‌کی خراپ بێت و ماڵیشی له‌گه‌ڵیدا وێران بێت، بزانه له‌بودجه‌ی ئه‌مساڵدا چه‌ند پاره بۆ چاره‌سه‌رکردنی نه‌خۆشییه قورسه‌کانی وه‌کو ژێربه‌نچه ته‌رخانکرا. وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی لیژنه‌یه‌کی ته‌ندروستی هه‌یه بۆ نه‌خۆشی مه‌ترسیدار ساڵێك نۆره‌ت بۆ داده‌نێن بێ ئه‌وه‌ی گوێبده‌نه ئه‌وه‌ی له‌ماوه‌ی ئه‌و ساڵه‌دا نه‌خۆشییه‌که‌ی ئاڵۆزترو بێ چاره‌سه‌رتر ده‌بێت یاخود دوور نییه نه‌مرێت .

ئه‌و پاره‌یه‌ی هاوڵاتی له‌کاتی که‌وتنه‌وه‌ی نه‌خۆشییه‌کی وه‌کو ژێربه‌نجه خه‌رجی ده‌کات زۆر قورس ده‌که‌وێت له‌سه‌ری، زۆرجار ده‌ڵێن هه‌ر هاوڵاتییه‌ك باری ته‌ندروستی خراپ بێت و داهاتی که‌مه ده‌توانێت بچێته نه‌خۆشخانه‌ی حکومی و له‌وێ به‌نرخێکی ره‌مزی چاره‌سه‌ری نه‌خۆش ده‌کات، توخوا له‌چی وڵاتێکدا له‌یه‌ك رۆژ یه‌ك دکتۆر ٣٠٠ نه‌خۆش به‌ڕێ ده‌کات، کێ به‌ڕۆژێك سۆنه‌رو تیشکی به‌رده‌که‌وێت، قه‌ڵه‌باڵخی نه‌خۆشخانه‌و خراپی مامه‌ڵه‌ی پزیشك لای که‌س شاراوه نییه، پزیشکی تایبه‌تمه‌ند هه‌یه له‌هه‌فته‌یه‌کدا یه‌کجار له‌نه‌خۆشخانه داده‌نیشێ و نه‌خۆش ده‌بینێت، ئه‌ویش له‌پێناو راکێشانی نه‌خۆشه بۆ عیاده‌که‌ی تۆ بزانه متمانه‌ی نێوان نه‌خۆش و پزیشك له‌م وڵاته ئه‌وه‌نده که‌م بۆته‌وه بۆ نه‌شته‌رگه‌رییه‌ك نه‌خۆش پرس به‌دووسێ پزیشك ده‌کات؟ هه‌موو مه‌به‌سته‌که‌ش ئه‌وه‌نده‌یه نه‌خۆش واده‌زانێت بۆ پاره په‌یداکردن پزیشك ئاماده‌یه له‌یه‌کێك له‌نه‌خۆشخانه تایبه‌تییه‌کان ئه‌و نه‌شته‌رگه‌رییه‌ی بۆ ئه‌نجام بدات.



## له پێناو چاره‌سه‌رکردنی که‌رتی ته‌ندروستی

به‌وپێیه‌ی که‌رتی ته‌ندروستی په‌یوه‌ندی به‌ژیان و جه‌سته‌ی مرۆڤه‌وه هه‌یه، حکومه‌ت به‌رپرسیاری یه‌که‌مه له‌په‌ره‌پێدانی و کومکردنه‌وه‌ی که‌موکورتی وچاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کانی، بۆیه پێویسته به‌سیسته‌مێکی نوێ و چاودێرییه‌کی تووند‌ه‌وه سه‌رپه‌رشتی و ئاراسته‌ی بکات به‌و ڕێگایه‌ی له‌خزمه‌تی زۆرینه‌ی هاوڵاتییاندا بێت، ئه‌مه‌ش پێوه‌رێکه بۆ سه‌رکه‌وتنی حوکمڕانی باش، بۆئه‌م مه‌به‌سته چه‌ند پێشنیارو بۆچوونێك له‌پێناو په‌ره‌پێدانی بواری ته‌ندروستی ده‌خه‌ینه‌ڕوو:

- په‌یڕه‌وکردنی سیسته‌می چاودێری ته‌ندروستی له‌هه‌رێمی کوردستان و دانانی سیسته‌مێك بۆ بیمه‌ی ته‌ندروستی، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین ته‌حه‌ددای به‌رده‌م که‌رتی ته‌ندروستی یه له‌کوردستاندا.
- دانانی بودجه‌یه‌ك بۆ ئه‌و نه‌خۆشانه‌ی توانای چاره‌سه‌رکردنیان له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات هه‌یه، یاخود له‌و بودجه‌یه ئامێرو پزیشکی په‌یوه‌ندار بانگێشتی هه‌رێمه‌که بکرێت بۆ ئه‌نجامدانی نه‌شته‌رگه‌رییه‌کان.
- کردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه پسپۆرییه‌کان و

# ئۆباما (پلانی چاکسازی س

سه‌ڕه‌رای مه‌ترسییه‌کانی زیادکردنی رسومات و باجه‌کان و دژایه‌تی لۆبی خاوه‌ن نفووزو ده‌سه‌ڵات و به‌رزبوونه‌وه‌ی ده‌نگی ناره‌زایه‌تی کۆمارییه‌کان، سه‌رۆکی ئه‌مه‌ریکا سووره له‌سه‌ر جێبه‌جێکردنی پلانی چاکسازی سیسته‌می ته‌ندروستی که‌ساڵانه٢,٢ ترلیۆن دۆلاری پێویسته‌و، له‌ماوه‌ی ١٠ ساڵی یه‌که‌می جێبه‌جێکردنی پلانه‌که ٦٣٤ ملیۆن دۆلاری تێده‌چێت. تاوه‌کو گۆڕانکارییه‌کی بنه‌ڕه‌تی له‌سیسته‌می که‌رتی ته‌ندروستی جێبه‌جێ بکات و خه‌رجییه‌کانی ته‌ندروستی له‌سه‌ر هاوڵاتییانی وڵاته‌که‌ی که‌م بکاته‌وه، که‌به‌رزی نرخ و تێچووه‌کانی مه‌ترسییه‌کی راده‌به‌ده‌ری لای هاوڵاتییانی ئه‌مه‌ریکی دروست کردووه. دامه‌زرانی چاودێری ته‌ندروستی له‌سیسته‌می ته‌ندروستی ئه‌مه‌ریکادا کارێکی ئاسان نییه‌و پێویستی به‌بڕیارێکی بوێرانه هه‌یه، چونکه ئه‌مه‌ریکا خاوه‌نی سیسته‌می ته‌ندروستی بێ به‌رامبه‌ر نییه‌و ١٦٣ ملیۆن ئه‌مه‌ریکی له‌ڕێگای سیسته‌می دڵنیایی ته‌ندروستییه‌وه به‌هاوبه‌شی له‌گه‌ڵ خاوه‌ن کاره‌کان زامنی خه‌رجییه‌کانی ته‌ندروستین و ٤٦ ملیۆن هاوڵاتی تر له‌که‌رتی سه‌ربه‌خۆ کار ده‌که‌ن و خاوه‌نی هیچ دڵنیاییه‌کی ته‌ندروستی نین .

سه‌رۆکی هه‌ڵبژێردراوی ئه‌مه‌ریکا له‌م پلانه‌یدا که ده‌ستنووسه‌که‌ی به‌مه‌به‌ستی ره‌زامه‌ندی بۆ کۆنگرێس به‌رز کردۆته‌وه‌و ١٠٠٠ لاپه‌ڕه له‌خۆده‌گرێت و بوژانه‌وه‌ی ئابووری لێده‌که‌وێته‌وه، به‌مه‌ش که‌رتی ته‌ندروستی به‌سترایه‌وه به‌بوژانه‌وه‌ی ئابووری ئه‌مه‌ریکاوه‌و سه‌رجه‌م سیسته‌مه‌که‌ش ده‌خرێته ژێر چاودێری ده‌وڵه‌ته‌وه، بۆ په‌یداکردنی بودجه‌ی پێویست ئۆباما پشتی به‌به‌رزکردنه‌وه‌ی باجه‌کان به‌تایبه‌ت



گرنگیدان بەتایبەتمەندێتی نەخۆشەکان.
- زیادکرنی بنکە تەندروستییەکان و دروستکردنی نەخۆشخانەی نوێ لەناوچە دوورەکان و شارۆچگەکان، واتە پەیڕەوکردنی دادپەروەری لەدابەشکردنی نەخۆشخانەکان.
- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵا تاوەکو مەنهەج و خوێندن بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم بێت و، لەگەڵ واقیعی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستی پزیشکی دنیا بگونجێت.

- کاتی ئەوە هاتووە حکومەت لەڕێگای وەزارەتی تەندروستییەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکانی تر پرۆژەی وەبەرهێنان لەبواری تەندروستی مەرج و چاودێری زیاتری لەسەر دابنێت و، ڕێنمایش بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دانرێت، بۆ داشکانی نرخەکانیش حکومەت بەشێکی خەرجییەکان بدات و یارمەتی و کۆمەکی دارایی و قەرزی درێژخایەن لەپێناو پێشخستنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان پێشکەش بکات.
- دەکرێت وەزارەتی تەندروستی لەبواری پزیشکی پسپۆر سوود لەپزیشکە عێراقییەکان وەرگرێت و هەل و فرسەتی کارکردنیان بۆ ببەخشێت لە نەخۆشخانە حکومییەکان و، ڕێگا نەدات بەچاوێکی نزمتر لەپزیشکە کوردەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەوەتا لەدوا راپۆرتەکانی حکومەتی عێراق هاتووە: لەماوەی ساڵێکدا ١٤٠٠ پزیشکی تایبەتمەند گەڕاونەتەوەو سەندیکاو وەزارەتی تەندروستی عێراق کار بۆ دامەزراندنەوەیان دەکات، با دەستپێشخەری دابینکردنی هەلی کار بۆ ئەو شارەزاو پزیشکە تایبەتمەندانە بێت نەك هێنانی بەلێشاوی کرێکاری بنکلادیشی و فلیبینی و ئاسیایی.
- دیاریکردنی نرخی عیادەو نەشتەرگەرییەکان و مانەوە لەنەخۆشخانە تایبەتییەکان، لەگەڵ دانانی نرخ لەسەر دەرمانەکان خۆ دەرمانخانەکان بەقەد سۆپەرمارکێتەکانیان بۆ دەکرێت کەلەسەر هەموو کەلوپەل و خۆراکێك نرخ دانراوە.
- گەشەپێدانی رۆشنبیری و هۆشیاری تەندروستی لەڕێگای رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن و هونەرمەندانەوە، کەئەرکی وەزارەتی تەندروستییە بەشی رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوە فراوان بکات و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکانی تر بەهێز بێت .
- پتەوکردن و پێشخستنی پەیوەندی نێوان پزیشکان و پەرستیاران و کارمەندانی بواری تەندروستی لەناوخۆو دەرەوە هەرێم، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و زانستی سەرجەم کارمەندو پزیشك و پەرستیارانی بواری تەندروستی. زانست سنووری نییەو زانستی پزیشکی لەجیهانی پێشکەوتوودا بەتەواوی گەشەی کردووە، بۆیە ناردنی ژمارەیەك لەپزیشکە کوردستانییەکان بۆ ئەو وڵاتانەو ڕێکخستنی خولی خێراو پێشکەوتوو پێویستە لەریزبەندی پێشەوەی پلان و بەرنامەکانی وەزارەتی تەندروستیدا بێت.
- گۆڕانکاری لەکارکردن و چاکسازی لەبواری کارگێڕی بۆ بردنە بەڕێوەی بنکەو نەخۆشخانە گشتی و تایبەتییەکان لەهەرێمی کوردستان .
- لەپێناو دارشتنەوەی پلان و بەرنامەی ئایندەی وەزارەتی تەندروستی پێویست بەسوود وەرگرتن لەشارەزایی و توانای کەسانی پسپۆری بیانی هەیە، بەهاوشێوەی وەزارەتی کارەبا کەبۆ ماستەر پلانی وەزارەت سوودی لەکۆمپانیایەکی بیانی وەرگرت، دواتر لەڕێگای گفتوگۆیەکی زانستی و بەپێی واقیعی بواری تەندروستی و توانا مرۆیی و مادییەکان نەخشەی ڕێگای باشکردن و پەرەپێدانی بۆ دارێژرێت.

**چینییەکان لەبەردەم گەورەترین قەیرانی دارایی کەرووبەرووویان بۆوە، ڕێگایان نەدا سیستەمی چاودێری تەندروستی وڵاتەکەیان شکست بهێنێت و، چاکسازی و گۆڕان لەم سیستەمەدا بەگەورەترین تەحەددای بەردەم ئایندەی ئابووری وڵاتەکەیان دانا**

## ...یستەمی تەندروستی ) دەخاتە بەردەم کۆنگرێس

لەلای خاوەن داهاتە بەرزەکان بەستووە، بەپێی دەرئەنجامی جێبەجێکردنی پلانەکە کەرتی تەندروستی چاودێری دەکرێت و زیاتر هاوکاری دەکرێت بۆ پێشخستنی، خەرجی و تێچوونەکانی تەندروستیش لەسەر هاوڵاتی کەمتر دەبێتەوەو تاکی ئەمەریکیش ئازادە چ جۆرە دڵنیاییەك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.
سەرۆکەکانی پێشتر کەسیان نەیانتوانی خۆیان لەم مەسەلە گرنگە بدەن، چونکە لەلایەك تێچوونێکی گەورەی دەوێت و لەلایەکی ترەوە ترسی ئەوەیان هەبوو تۆمەتبار بکرێن بەوەی پلانێکی سۆشیالیستی جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئۆباما باشگەزنەبووەوە لەبەردەم لۆبی سوودمەندو مەترسی دابینکردنی ترلیۆن دۆلار، چونکە تەندروستی پەیوەندی بەژیان و رۆحی هاوڵاتییانەوە هەیەو قابیلی موزایەدەو دواخستن نییە.



**باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەک تەنیا کەرتی تەندروستی هاوڵاتییانی وڵاتەکەی لامەبەستە، بەڵکو تەندروستی هاوڵاتییانی جیهانیشی لامەبەستە**